بسم الله الرحمن الرحيم

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە / ١٠٢٢
بەروار / ٤ / ١٢ / ٢٠١٩

## حوکمی سەرکەوتنی ئافرەت بە تەنها لەگەڵ شوفێری تەکسی وحوکمی ئەو پارەیەی کە شوفێرەکە وەریدەگرێت

قال الله تعالى: ({فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون} (سورة النحل: ٤٣)

الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا رسول الله وعلى آله وصحبه والتابعين بإحسان لهم إلى يوم الدين:

بەهۆی زۆربوونی رووداوی ناشەرعیو جەریمەو تاوانی کۆمەڵایەتی، وە بوونی پرسیار لەلایەن هاوڵاتیانەوە، سەبارەت بە حوکمی سەرکەوتنی ئافرەت بە تەنها، لەگەڵ شوفێری تەکسی و گەیاندنی بۆ جێگای مەبەست، هەروەها حوکمی ئەو پارەیەی کە شوفێرەکە وەریدەگرێت؛ ئەنجومەنی باڵای فەتوای هەرێم لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٩ لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا بە مەبەستی پاراستنی ڕەوشتی بەرزی موسڵمانانە و دابونەریتی کۆمەڵایەتی جوانی کوردانەو، ئیستغلال نەکردنی ئەم کاسبییە شەرعیە لەلایەن هەندێك کەسی نابەرپرسەوە ئەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوەی دا:

١- دەرچوونی ئافرەت لەتەك مەحرەمی خۆیدا هەرکاتێك بێت بۆ هەر جێگەیەك بێت دروستەو شایستەیەو ئەصل وایە بەو شێوەیە بێت.

٢- دەرچوونی دوو ئافرەت یان زیاتر بۆ کاری پێویست وەك دەوامو خوێندنو کارو هتد... دروستە و هیچ گرفتێکی شەرعی نییە چونکە خەڵوەتی شەرعی پەیدا نابێت.

٣- ئەگەر شوفێرەکە ئافرەت بوو دروستە ئافرەتی دیکەی لەگەڵ سەرکەوێت، بەڵام شوفێری ئافرەت دروست نییە نەفەر پیاو هەڵگرێت.

٤- دروستە ئافرەت ئەگەر لە نەفسی خۆی دڵنیا بوو لە برا شوفێرەکیش دڵنیابوو لە پشتەوەی تەکسی سەربکەوبێت بۆ کاری پێویستی خۆی.

٥- هەر کاتێك ئافرەتەکە یان شوفێرەکە یان هەردووکیان لە کەوتنە نێو داوی گوناهوتاوان و کاری ناشەرعی لە خۆیان دەترسان، بەهەر هۆیەك بێت؛ تەنانەت ئەگەر دوای سەرکەوتنی ئافرەتەکەش بێت بۆ ناو ئۆتۆمبێلەکە؛ پێویستە ئافرەتەکە لەگەڵ شوفێرەکە سەرنەکەوێت و

دابەزێت، یان شوفێرەکە داوای دابەزینی لێ بکات ئەگەر ئافرەتەکە دانەبەزی پێویستە دەمەو دەست شوفێرەکە دابەزێتو نەیگەیێنێت.

٦- پێویستە ئافرەت بە شەوان، بە تەنها لەگەڵ شۆفێری نامەحرەم تاکسی دەرنەچێت مەگەر دڵنیا بێتو بۆ کارێکی زۆر پێویستو زەروری.

٧- پێویستە ئافرەت بە تەنها لەگەڵ شوفێری نامەحرەم، بۆ دەرەوەی شار و ئاوەدانی دەرنەچێت.

٨- سەبارەت بە و کرێیەی کە خاوەن تەکسییەکە وەریدەگرێت حەڵاڵە ئەگەر نەکەوتە ناو حەرام یان کارەکەی بەکار نەهێنا بۆ بەدوا کەوتنی کاری ناشەرعی.

**خوای گەورە هاوکاری دڵسۆزانە ... وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**

(والله تعالى أعلم)

**ئە نجومەنی باڵای فەتوا**

**٢٢/ ربیعی یەکەم/١٤٤١هـ= ٩/١١/٢٠١٩م= ٢٧١٩/٩/١ك**